# یان من، یان هیچ کەس نا

د. پەروین حەبیب
(بەحرەین)
لە عەرەبییەوە: لوقمان باپیر

چلچرای هەر حەوت تەختەکە منم
بەڵێ من لەیلام
بەڵێ من شەوم
نهێنی و دەیجوور
خۆم لە ئەنباری نهێنییان ڕزگار کرد
پێش ئەوەی بیسمن، من گەوهەرەکەی خۆم بەخۆوەکرد
خۆم بە ماچە دزراوەکانت شووشت،
جار لەدوای جاریش.. ژەهرم خواردەوە
زیندوو نەبوومەوە.. چاوەڕێی ڕوخساری خۆمم دەکرد
لەسەر بەرد بینەخشێنی
هەی کەڵە پیاو،
تۆ هیچ کەس نیت!....
«بە ناچاری هەڵمگرتی» و بە نهێنی و بە ئاشکرا،
بە هەموو دنیامدا گێڕای، «شەوەکانم شەو لە
دوای شەو دەژمارد»
من موڵکی تۆم.. من موڵکی تۆم.. من کچی خاکم
ڕۆحێکی پۆڵایینم هەیە
هێی کیسرا، من ئاوی ژیانم
پەپوولەیەکی بێ چەکم لە توونێلێکدا
تاپۆیەکم لە پێکێکی بەتاڵدا پێ دەکەنم
تەرمێکم، ئاگرێکی شەنگی دۆزیوەتەوە
بەیانییەکی تەنیای بێ منداڵم
تاڤگەیەکم، خواوەند دەستی گەیاندووەتێ و
داگیرساوە..
هێی خوسرەو، من شیرینم
هێی ڕەشید، من مەراجلی (١) کەنیزەکی تۆم
من خەیزورانی (٢) کەنیزەکم
من زوبەیدەی ژنتم و



پەنجا وشترەکەی ئەوان ...

..............................

چیدی لە تۆم لە گومڕاییەکانمدا نابێ ....

(۱) کەنیزەکێکی خوراسانیی هاروونە ڕەشیدی بووە و دایکی مەئموونییە کە بووەتە خەلیفە.

(۲) خەیزوران : دایکی هاروونەڕەشیدە و کەنیزەکێکی یەمانی بووە.

## گیانی گیان

بۆ کوێ فڕیی؟
ئەرێ قەدەری پەپوولە ئاشقبوونی ڕووناکییە؟
بە دوو باڵی پڕ سۆزەوە بۆ لای بفڕێ و
بە دوو چاوان بچرپێنێ «هی تۆم بمبە»
کە ئەلفوبێش دێت و نائومێدی دەکا ..
دەستێک بۆ ڕۆشنایی دەبا
پەنجەکانی بەسەر بووکەڵەکانی منداڵیدا دێنێ و
کەزییەکانی دەکاتە پەتێک، دەیگەیەنێتە ئاسمانێکی
تۆزی بۆردومان بەری ناگرێ
ئەرێ .. بەدەست دنیایەکەوە داماوی
لە جیاتی شیر خوێنت دەداتێ و
بووکەڵەیەکی چاو هەڵکۆڵراوت دەکاتە دیاری و
کۆستی ژنێکی، لە ناو پەردووان دەستێک دەبینێ
– دەستی کورپەتی – و بۆ هەڵدەشەقاند.
ئەرێ .. هەموو شتێک بە خودا دەڵێی؟
پێی دەڵێی، چۆن قردێلە گوڵڕەنگەکەی قژت پسا؟
پێی دەڵێی چۆن هەتاو ددانەکەی شیریی لێ وەرنەگرتی
چونکە ددانی منداڵانی دیکەی بەس بوو؟
چۆن هەورەکان پشکۆیان باراند و
زەویش داروپەردووی لێ ڕوا؟
بۆ کوێ فڕیت؟ ڕۆحت.. بە بەندکراوی
لەناو قامیشی جەخاران بەجێ هێشت
هیچ کونێک نییە قامیش بکاتە نەی و
ئازارەکانی وەک ئاوازێکی پرسەباری لێ داچکێ
بۆ تۆ بگری هەی گیانی گیان!
دایێ هاوارە لە ئەشق.... دایێ هاوارمە
خۆزگە ڕۆحیان دەبردم .. کیژەیان دەدامەوە
ناوت لێ دەنێم ئاسک و
سارایەکیشم نەدایتێ تێیدا هەڵبەزی و دابەزی
گیایەکیشم نەدایتێ، ئەوە نەبێ لەبەر ئازار لە دڵ ڕوا
کانیاوێکیشم نەدایتێ، ئەوە نەبێ
لە شۆراوی چاوەکانما کۆبووەتەوە
ڕاتهێناوم، ڕۆژەکانی شادیم لەسەر
پەنجەکانی تۆ بژمێرم
ماچە بە دزییەوە کراوەکانیش لە چاوت بشارمەوە
لەوەندە تەمەنەی ماومە
مردن بە پێچوپەنا دێ و خەم و غوربەتی ڕۆحیشم
دوای تۆ، من کێم؟
بەربوتێکی (۱) ژێ پساوی ناو باوەشی
ژەنیارێکی کوێری هەردوو دەستیش بڕاو
بگرە ناتوانێ بشناڵێ
بۆ کوێ فڕیت؟
ئێ خۆ دڵ دوو باڵی نییە
هەتا بێ و شوونت هەڵگرێ
ئێ چۆن لەناو قەفەزی پەراسوو دەرچووی؟
کە بەسەرتدا داخرابوو
دوای تۆ
خوێ هاودەمی برینمە
تاریکیش ڕۆح پامال دەکا
بڵێی کەی بگەینەوە یەک؟
تا چاوەکانت ماچ بکەم، هەی گیانی گیان.
دایێ هاوارە لە ئەشق.. دەنگی دڵ زامدارە
لە کزەی خۆم هاوارم کرد.. گیانی گیانم بدەنەوە.

(۱) بەربووت: کە بە فارسی (بربط)ی پێ دەڵێن، ئامێرێکی مۆسیقایی ژێدارە. (ڕامان)

## قەسیدەی یووسف

**بۆ ئەو دایکەی لە کوڕە حەوت ساڵانەکەی دەگەڕا و دەیگوت:**
**قژێکی لوولی هەیە و سپیکەڵە و جوانە.**

ئەرێ کوڕەکەمتان نەدیتووە؟
قژی: وەک پەڵە گەنمێکی با هامێزی لێ دابێ،
کەروێشکەی دەکا.
ڕووی: سپییەتییەکەی تاریکیی ڕۆژەکانمی
ڕۆشن کردبووەوە.
چاوەکانی: دوو پەنجەرەن و لەوانڕا
دەڕوانمە سبەینێی خۆم.
ئەرێ کوڕەکەتان دیتووم؟
ناوی یووسفە،
برای نین تا بیخەنە بیری لەبیرچوونەوە
باوکێکی نییە، تا بە دووچاوی کوژاوەوە
بۆی بگری.
زولەیخایەکی نییە،
چاوەڕێ بکا تا گەورە دەبێ
تەنیا من و ئەو بەشەی نیشتمانی هەیە کە ماوەتەوە.
ئەرێ (یووسف)تان نەدیتییە؟
شیرەکەی بەیانیانی تەواونەکردووە
مۆمی بۆ پەپوولان دانەگیرساندووە
دەفتەرەکەی بە نیشانی سەرکەوتن
نەڕازاندووەتەوە
شیر و مۆم و دەفتەرەکەی بەجێ هێشت
دەستی بۆ هەورێک درێژکرد و .. ون بوو
ئەرێ دیتووتانە؟
کە ئاسمان پشکۆ دەبارێنێ و
گەواڵەکەی گوێی زەوی کەڕ دەکا
کێ دەمگەیەنێتە لای؟
زەوییەکی، لەجیاتی گوڵەگەنمان
تەرمی لێ ڕواوە!
کێ بۆم دێنێتەوە؟
ڕەنگە ئێستا، سەرباری دۆزەخی بۆردومانیش،
ئەو سەرمای بێ.
ڕەنگە ئێستا، سەرباری جۆگەلەکانی خوێنیش،
ئەو تینووی بێ.
ڕەنگە ئێستا، سەرباری کولێرەی ترسیش،
ئەو برسی بێ.
ئەگەر کەس لە ئێوە دیتی، با پێی بڵێ
ئەوە من چاوەڕێی دەکەم
وێنەکەی، وەک کلیلی ماڵەکەی قودسمان
بە دیواری دڵەوە هەڵواسراوە.
ڕوخساری، خاڵکوتی سەربەردی ئەو خاکەیە
دەنگدانەوەی دەنگی بەردەوام دەڵێ:
من یازدە ئەستێرەم دیت،
بانگیان دەکردم تا ببمە مانگیان
ئەرێ (یووسف)تان نەدیوە؟

## دەبێ دیسان لەگەڵ هەموو شتەکاندا بژیەینەوە

لە شوێنێکدا
ترپەی هەنگاوە سەرهەڵگرتووەکان
تێپەڕینی لەسەرەخۆی هەوران
وەک خەوەنووچکەی دوای شێوکردن
وەک ئەو وشەیەی ڕەگێکی نییە
وەک تاکە هاوارێک،
بێدەنگیی شەوێ
خۆی بە جەستەیەکی بەهارییەوە گرێ دا
وەک نۆتەیەکی مۆسیقای
بەلای کۆمەڵێ ڕەفکەی خامۆشی کتێباندا
تێدەپەڕێ
وەک شەرابێکی دوای چنینێ، لەناو پێکدا نرکەی دێ
وەک ئەو وێنانەی..
لە فستانێکی نەخشاوی بە گوماندا هەڵواسراو،
پێدەکەنن
وەک سەرمایەکی دواخراو

دواخراو بۆ سبەینێ
وەک دوا خشپەی ڕۆناکی
لەسەر چرپایەکی خۆڵەمێش هەڵدەستێ
ئەو جەستەیە، هەر ئەوەتە و جەستەیە!
پێویستە جارێکی دیش هەموو شتەکان بژیەینەوە.

## تەنیا و تەنیا جوانەکان

**تیتاڵێک بۆ مەحموود دەروێش**

جوان قەڵەوەکانن
ڕوخسارێکی، بە دوو چاڵی ڕوومەتەوە،
خۆشی تێیدا باڵان لێک دەدا
دەرگایەکی- ئەگەر نائومێدی لە بەینی پەراسووان
بەدمەست بوو-
دەکرێتەوە
قەڵەوەکان: گیانی گەشبینی ناو جەستەی مەحاڵن
بە تاریکیدا ڕۆدەچێ.. یاری دەکەن
یان ئیرەییەکە و کەڵبان وەدەردەخا.. لەگەڵ یەک
پێ دەکەنن
ئەوان پەپوولەیەکن، بە سووکی دەفڕن
غەیرە قەڵەوەکان، سێبەر قورسن

لە هەرکوێ بن بادام گوڵ دەکا
یاسەمەن نوقمی بۆنی خۆی دەبێ
ئەوەی ژیانی خۆش بوێ، پێیاندا هەڵدەڵێ
بە شاگەشکەییەوە دەچرپێنێ:
«مردووی ئەوەیمە یاسەمەن ئاشقم بێ»

ئەگەر حەز دەکەی، ها چنگە خۆشەویستییەک
بیخە ناو مەنجەڵی سۆز
کەمێک شادمانیی ئیشتیاکراوی بەسەردا بپرژێنە
ڕۆحسووکی بۆ زیاد کە
تا ئەگەر مەنجەڵەکە پڕ بوو، بە پشکۆی سۆز
ئاگری لەبن بکرێتەوە و.. چاوەڕێ نەکا!
قەڵەوەکان..
سێوێکن شیرینییەکەیان پێی گەیاندوون
هەنگاویان: شنیانەوەی مراوییەکە
پەنا بۆ گۆمە ئاوێک دەبا
کراسێکی سملّی بەسەردا هەڵکێشراوە.
پێکەنینیان: سۆناتایەکی مۆزارتە
ئەو تاریکییە، لەبەر ژەنینەکەی ڕادەکا و
خۆشییەکەی وەک حیلەی ئەسپ بەرزدەبێتەوە.

قەڵەوەکان: ئاوی قەسیدانن
شیعر ئاشقی جەستەیانە
ئەگەر قەدبارێکی بێنێ
هاواریان دەکاتێ: «نا نامەوێ!!»
هەر ڕەگەزدۆزییەکی سادەی سمتیان بەسە
تا ڕەوانبێژی ببێتە خانمێک
سەرواش ببیتە خڵخاڵی پێیان و هاوار بکا:
«ئەرێ ئیدیش هەیە».
«دەروێش»، قەباڵەی جوانی
بەسەر غەیری واندا دەبەخشێتەوە
بە خۆشییەوە دەیداتە لاواز و بەهێز و کورتەکان
ئای لەو سەمەرەیەی !!
کاتێ بچووکترین مێرووله دەبینێ
کە خۆی لەژێر حەسیری تاریکی دەشارێتەوە
بەڵام خۆر نابینێ- کە ژنی قەڵەوە-
خاوەنی شکۆ و ڕێز.
هێی یاریکەری تەختەنەرد (١)
دەی، لەسەر ئەو کارەت
داوای لێبووردن بکە
ئاخر جوانەکان، قەڵەوەکانن و
من ڕایەکی دیکەم لەو بارەوە نییە و .... تەواو.

(١) تەختەنەرد: تاوڵە.(ڕامان)

## ژیاننامەی دوکتۆر پەروین حەبیب

پەروین حەبیب، ژنە شاعیر و توێژەرێکی ئەکادیمی و زانستیی هەردوو بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبییە. پسپۆڕی ڕاگەیاندنی چەندان خولی ڕاهێنانی تایبەتمەندی «دامەزراوەی دوبەی بۆ ڕاگەیاندن» بووە و بە پێشکەشکردن و دەستپێکی یەکەمین بەرنامە ڕۆشنبیرییە گفتوگۆییەکانی سەر ئاستی کەنداوی عارەبی، لە ناوازەیی دامەزراوەکە بەشدار بووە. خەڵاتی ژنی دینامیکیی ساڵی ٢٠١١ی سەر ئاستی کیشوەرانی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەرگرتووە. تا بەوەش، یەکەم خەڵاتی جیهانیی خەڵاتێک وەربگرێ، کە دەدرێتە سەربردەی ئەو ژنانەی، لە هەموو دنیادا، تاقیکردنەوەیەکی پرشنگداریان پێشکەش کردووە، تا لەناو گەورەترین تۆڕی جیهانی، بە شێوەی ڕاستەوخۆ، سەربردەکەی بە قوتابیان بگوترێتەوە.

چوار کتێبی ڕەخنەیی و سێ کۆمەڵە شیعر و دوو کتێبی چیرۆکی منداڵانی هەیە. قەسیدەکانیشی تەرجەمەی حەوت زمانی جیهانی کراون. پلەی ماستەری، بە ئیمتیاز، لە ڕەخنەی ئەدەبی- لێکۆڵینەوەیەکی شێوازی لە شیعری نەزار قەبانی، لە زانکۆی عەین شەمس لە قاهیرە وەرگرتووە. پلەی دوکتۆرای، بە ئیمتیاز لە «ڕەخنەی ئەدەبی- لێکۆڵینەوەیەک لە زمان، لە دەقی شیعریی ژنان لە کەنداو لە ١٩٧٥ تا ٢٠٠٤»- لەکۆمکاری وڵاتانی عارەبی، کۆماری میسری عارەبی، وەرگرتووە.

کتێبەکەی بە ناوونیشانی «تەکنیکەکانی دەربڕین لە شیعری نەزار قەبانی» لەناو پرۆگرامی خوێندنی زمانی عارەبیی قۆناغی دواناوەندی قوتابخانەکانی شانشینی بەحرێن دەخوێنرێ. ئەندامی لیژنەی نوێکردنەوەی شێوازەکانی خوێندنی زمانی عارەبییە- دەستپێشخەریی شێخ محەممەد بن ڕاشد ئال مەکتووم بۆ زمانی عارەبی-. خانمی دوکتۆر، وتارێکی هەفتانە لە ڕۆژنامەی «قودسی عارەبی» و وتارێکی هەفتانەش لە ڕۆژنامەی «ئیماراتی ئەورۆ» دەنووسێ و وتارێکی مانگانەشی لە گۆڤاری «دوبەی» ڕۆشنبیری هەیە. کۆگەی بەرهەمی تەلەڤزیۆنیشی چەندان گفتوگۆی تێدایە کە لەگەڵ زۆربەی ڕۆماننووس و شاعیر و بیریارانی عەرەبدا کردوونی و دەگەنە نزیکەی هەزار کەسایەتی لە گەورە داهێنەرانی بوارە جیاوازەکانی فیکر و هونەر و ئەدەب.

لە ڕاگەیاندنی بینراوی ناوچەی کەنداودا، بە پێشەنگی پرۆگرامە ڕۆشنبیرییەکان دادەنرێ و بەناوبانگترین پرۆگرامیشی «لەگەڵ پەروین» و «ئەهلی مەعریفە» و «قسەی خۆش» و «گەلێکی دەخوێنێتەوە» و «خاوەن ئیلهام» و.....

**نووسینەکانیشی:**

دیوانە شیعرییەکانی بریتین لە «پیاوەتییە ترساوەکەت و منداڵییە پەڕەکاغەزییەکەم»، «٢٠٠١»، «پشتم لە ئاوێنە کرد»، «٢٠٠٩» و «پەپوولە» «٢٠١٢». کتێبێکی پەخشانیشی هەیە بە ناوی « دانتێلا- لە بیابان کەمتر»، «٢٠١٠».. کتێبی «ئینستاگرامییەکانم»، هەوڵێکە بۆ گۆڕینی پێگەی ئینستاگرام بۆ پێگەیەکی ڕۆشنبیری. کتێبێکی پەخشانیی بریتییە لە هەندێ وتاری بژاردە بە ناوونیشانی «وەهمی سەوز» «٢٠١٩». لە زنجیرەی کانیاوی شیعری عارەبی بەشداریی کردووە، کە بنکەی ئەبو زەبی بۆ زمانی عارەبی بە کتێبێک لە بژاردەی شیعری بە ناوی «کتێبی شاعیران»، «٢٠٢٢» و کتێبی «شیعری ژن لە هەزار ساڵ»، «٢٠٢٢» دەستی پێ کردووە، کە ئەوەیان کتێبێکی ڕەخنەییە و بەرهەمی شیعریی ژنی لە ماوەدای هەزار ساڵدا خستووەتە بەر باس. دوو کۆمەڵە چیرۆکیشی بۆ منداڵان هەیە بە ناوونیشانی «باپیرم و واتساپ» «٢٠٢٢» و «دەستتم بدەرێ». لێکۆڵینەوەیەکیشی لەسەر ژن لە ئەدەبی تەها حوسێن و ژیانی هەیە، بە ناوی «بەچاوەکانی ویم دیت».

خەڵاتی خانمانی ئیماراتی لە جۆری دەستکەوتە وەزیفییەکانی ساڵی ٢٠١٦ی بردووەتەوە.. لە نیسانی ٢٠١٧، خەڵاتی داهێنانی «ئەلعەوێس»ی وەرگرتووە. لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٧، خەڵاتی ژنی عارەبی وەرگرتووە. لە ساڵی ٢٠١٦ هاوبەندی «ئەسەر»ی وەک مینبەرێکی ڕۆشنبیری و هونەری، بۆ هونەر و ئەدەب دامەزراندووە کە بۆ ئەوە لەدایک بووبوو تا بەدەم هونەری باڵا و شوێنکەوتە و هەوادارانییەوە بچێ.. لە ساڵی ٢٠١٨، خانەی ڕۆشنبیریی دامەزراند، تا لەڕێی ئەو خانەیەوە چالاکییە ئەدەبییە هەمەجۆرەکانی پێشکەش بکات.

ساڵی٢٠٢١، فیلمی «وەهمی سەوز»ی بە نواندن و دەقەوە بەرهەم هێناوە.

لە ٢٠٢٣، خەڵاتی «بەردەوامیی ڕۆشنبیری»ی لە ئەلکسۆ بۆ پەروەردە و ڕۆشنبیری و زانست وەرگرت.

ساڵی ٢٠٢٤، فیلمی «بە هامرایی نەجیب مەحفووز»ی نووسیوە و بەرهەمیشیهێناوە.

لە ساڵی ٢٠٢٤، فیلمی «واتریمبۆ»ی بەرهەم هێناوە و دەریشی هێناوە، کە سەبارەت بە دەستە و تاقمە میللییەکانی ژنانی (بەحرێن)ـە.

**تێبینی: خۆی ئەو شیعرانەی ڕاستەوخۆ بۆ دووەمین فیستیڤاڵی ڕامان ناردووە و لەوێ خوێنراوەتەوە، هەر ئەو شیعرانەش بە زمانی کوردی لەسەر داتاشۆ دەرچووە و لێرەدا بڵاویان دەکەینەوە.**

**(ڕامان)**